# الأسس الرومانسية فى أشعار فقى قادر الهموندى

م.م. ديار مردان محمد

قسم اللغة الكردية / كلية التربية/ جامعة جرمو، جمجمال، حكومة اقليم كردستان، عيراق.
م. ئاشتى حسين عارف

قسم اللغة الكردية / كلية التربية/ جامعة جرمو، جمجمال، حكومة اقليم كردستان، عيراق.

**ملخص:**

يناقش البحث بإيجاز نشأة الرومانسية في الأدب الكردي وخصائصهما، ثم يركز على مبادئ الرومانسية في قصائد الشاعر(فقي قادر الهموندي)، فالرومانسية في الأدب الكردي لها تاريخ عريق، وقبل أن تؤثر الرومانسية تأثيرا فعالا على أدب الدول المجاورة مثل تركيا والعرب. تم نقلها إلى الأدب الكردي ، وتظهر الرومانسية في أعمال العديد من شعراء الكورد في المرحلة الكلاسيكية ، وهذا يعني أن الرومانسية الكوردية كانت طبيعية في الأصل وبدون تأثير من الرومانسية الأوروبية، وقد كان( فقي قادر الهموندي) في عهد الشاعر (مولوي) وانعكس بعض موضوعات الرومانسية في قصائده، والتي تم تناولها وتفحصها في هذا البحث، كما تم دراسة جزء من شعر الشاعر (فقي قادر الهموندي) في هذا البحث.

الكلمات المفتاحية: رومانسية، شعر، طبيعة، محلي، اللغة.

# بنەمای ڕۆمانتیکی لە شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەندیدا

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر بنەماکانی ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەندی، ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا خاوەن دیرۆکێکی دێرینە، پێش ئەوەی ڕۆمانسیزم بەشێوەی کاریگەری لە ئەدەبی نەتەوەکانی دراوسێی وەک تورک و عەرەب... گواسترابێتەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی، ڕۆمانسیزم لە بەرهەمی چەندین شاعیری کوردی قۆناغی کلاسیکدا دەبینرێن، واتە ڕۆمانسیزمی کوردی لەسەرەتادا سروشتی و بێکارتێکردنی ڕەوتی ڕۆمانسیزمی ئەوروپی بووە، فەقێ قادری هەمەوەندی هاوسەردەمی مەولەوی شاعیر چەند بابەتێکی ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە کە، لەم توێژینەوەیەدا ئاوڕی لێدراوەتەوە و بەشێک لە بەرهەمە شیعرەیەکای فەقێ قادر خراوەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە.

**کلیلەوشەکان:** ڕۆمانسیزم، شیعر، سروشت، خۆماڵی، زمان.

**پێشەکی:**

ڕۆمانسیزم پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەبی جیهانیدا هەیە، هەروەها لە ئەدەبی کوردیشدا لای هەندێک لە شاعیران پلەو پایەیەکی بەرزی هەیە، وەک دیاردەیەکی ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت، چونکە ڕۆمانسیزم باشترین ڕێبازی ئەدەبییە بۆ بەرجەستە کردنی هەستەکانی ناوەوەی شاعیر، هەندێک لە شاعیرانی قوتابخانەی کلاسیکی زاری گۆران، بابەتی ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانیاندا بە ڕوونی بەرچاو دەکەون کە شایەنی لێکۆڵینەوەن تا لە

ڕێگایانەوە بگەین بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست سەبارەت بە ڕێبازی ڕۆمانسیزم لەئەدەبی کوردیدا کە، هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ڕۆژئاوا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** پەیڕەوی ڕێبازی (شیکاری_وەسفی)مان کردووە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئاوڕدانەوە لە بابەتی ڕۆمانسیزم لای شاعیرێکی دەوری کلاسیک لە ئەدەبی کوردیدا.

**پەیکەری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:** بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەر یەکەم: زاراوە و پێناسەی ڕۆمانسیزم، تەوەری دووەم: سەرهەڵدان و تایبەتمەندی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا.

**بەشی دووەم:** بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان تایبەت کردووە بە بنەمای ڕۆمانتیکی لە شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەندی.

## بەشی یەکەم: تەوەری یەکەم: زاراوە و پێناسەی ڕۆمانسیزم:

زاراوەی "ڕۆمانسیزم (Romanieism) لە ئەدەبیاتی جیهانیدا گەلێ پێناسە و ناوی تایبەتیان بۆ بەکارهێناوە لەوانە فەرەنسیەکان (ڕۆمانتیزم Romantism)، ئینگلیزەکانیش (ڕۆمانتیسزم Romantisme)، ئەڵمانەکان (ڕۆمانتیک Romantic) یان بۆ بەکارهێناوە". (ڕزگار، ٢٠٠٨: ٥٩)، "زاراوەی ڕۆمانسیزم، (ڕۆمانتیک) بە ئیسپانی و لاتینیش (ڕۆمانتیکتمۆ)، وشەی ڕۆمانتیک وشەی ئاوەڵناوی وشەی (ڕۆمانتیزم)ە، کە بەواتای خەیاڵاوی دێن یان خەون یان خورافیاتە". (ئەحمەد، ١٩٨٥: ١٠١)، "ئەم زاراوەیە بەڕەچەڵەک دەچێتە سەر وشەی (ڕۆمان) ی فەرەنسی کە وشەیەکی کۆنە و بۆ ڕۆژانی سەدەکانی ناوەراست دەگەڕێتەوە، ڕۆمانسیزم دەرکەوتنی ڕۆگەیەکی فەلسەفییە کە بانگی دەکرد بۆ ئازادی و ڕەهای فیکری و تێگەیشتنی فەردی و ڕزگاربوون لە قاڵب و تێگەیشتنە پێشینەکان، وەک داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاینی، هەموو یاسا و بنەما فەلسەفییەکان کە کلاسیکیەتی لەسەر بنیات نرابوو، یاخود لێکچوون و ئاڵوگۆڕبونی بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دروستکردنی شوێنەواری کۆن لەسەر ژیانی کۆمەڵگەکانی ئەوروپا". (کامل، ١٩٩٨: ٥٩).

سەرهەڵدانی زاراوەی ڕۆمانسیزم لە ئەوروپادا دیرۆکێکی کۆنی هەیە و "یەکەم مێژووی زاراوەی ڕۆمانسیزم لە ئەڵمانیا بوو لە ساڵی (١٨٠٨ز)دا و لە فەرەنساش لە ساڵی (١٨١٨ز)دا بوو، بەڵام لەساڵی (١٨٠٢ز)ەوە ئەڵمانیا پێشەنگ بوو لە بەکارهێنانی وشەی ڕۆمانسیزم، دوای ئەویش فەرەنسا لە ساڵی (١٨١٦ز)دا پاشان ئیتاڵیا لە ساڵی (١٨١٦ز) دا دواتر ئینگلترا لە ساڵی (١٨٢٣ز)". (سالم، ١٩٨٩: ٨٥).

ناساندنی زۆر بۆ ڕۆمانسیزم کراوە لەوانەش: "ڕۆمانسیزم (Romantisme) بەو بزوتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییە دەگوترێ کە لە ئەوروپا لە کۆتای سەدەی (١٨ز) م بەملاوە بنەماکانی ئازادی و زاتیەتیان (Subjssittie) بڵاوکردەوە دژی بنەماکانی کلاسیزم و عەقلخوازی کلاسیکیەکان". (فەرهاد، ٢٠٠٤: ٥١).

"ڕۆمانسی گەڕانەوەیە بۆ سروشت یان ڕۆمانسی فریشتەی ئەندێشەیە دژی ژیری یە و هەستکردنە بەڕاستی یان ئاواتێکی لێڵ و تەم و مژاوی". (عبدالقادر، ٢٠٠٢: ٤٣).

شاعیران نوسەرانی ڕۆمانسیزم هەریەک بە شێوەیەکی جیاواز پێناسەی ڕۆمانسیزم دەکەن و تێڕوانین و لێکدانەوەی خۆیان دەردەبڕن، هەندێک لەو شاعیر و نوسەرە بەناوبانگانەی خوارەوە وەک:

"(ڕۆسۆ): ڕۆمانسیزم گەڕانەوەیە بۆ سروشت. (گۆتە): کلاسیکیەت لەش ساغیە، ڕۆماسیزم نەخۆشیە. (ڤیکتۆر هۆگۆ) دەڵێت: ڕۆمانسیزم لیبراڵیەتە لە ئەدەب. (ورۆز ۆرث): ڕۆمانسیزم لافاوێکی خۆش سۆزە بە هێزەکانە. (هاینەر): ڕۆمانسیزم زیندوکردنەوەی ژیان و بیری سەدەکانی ناوەراستە. (ستاندال): ڕۆمانسیزم هونەری ئەمرۆیە بەڵام کلاسیکیەت هونەری دوێنێیە. (جۆرج صاند): ڕۆمانسیزم سۆزە لەبری هۆش، دڵە لە بری سەر. (برونیتر): ڕۆمانسیزم بزوتنەوەیەکە هەموو ئەوشتانە بە پیرۆز دەزانێ کە کلاسیکیەت ڕەتیان دەکاتەوە. (جۆن بیر): ڕۆمانسیزم بریتیە لە وەڵام بۆ کۆمەڵێک ئاریشەی گشتی نەک چەند بیر و باوەڕێکی گشتی. (نیلسۆن): ڕۆمانسیزم ئەو خەیاڵەیە کە پێچەوانەی هۆش و ڕاستیە". (ڕزگار، ٢٠٠٨: ٢٢_٢٣)، ڕۆمانسیزم: "زۆرتر سۆز (عاتفیە) ی گرتۆتە خۆی و باوەشی بۆ سروشت کردۆتەوە و لە شەقەی باڵی خەیاڵ و ئەندێشەی داوە و شاعیر و خودی خۆی مەبەستە". (کاکەی فەلاح، ١٩٨٤: ١١).

## تەوەری دووەم: مێژووی دەرکەوتنی ڕۆمانسییزم لە ئەدەبی کوردیدا:

دوو جۆر ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوتووە، ئەوانیش:

١. ڕۆمانسیزمی سروشتی: ئەم ڕۆمانسیزمە پێش دەرکەوتنی ڕۆمانسیزمی ئەوروپی لە بەشێک ئەدەبی کوردیدا ڕەنگیدانەوەتەوە.

٢. ڕۆمانسیزمی زەمینە بۆ سازێنراو (دەستکرد): ئەم ڕۆمانسیزمە بە کاریگەری ئەدەبی ئەوروپی و تورکی و عەرەبی هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و کە پێشتر ئامادەکاری و زەمینەسای بۆ کراوە، کە دەکرێت بە ڕۆمانسیزمی دەستکرد ناوی بێنین.

### ڕۆمانسیزمی سروشتی:

سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزم لە ئەوروپادا زەمینەسازی بۆ کرابوو، واتا بابەتێک نەبوو کە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی یا سروشتی بێتە ئاراوە، بەڵکو شۆڕشێک بوو لە دژی کلاسیکەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام ڕۆمانسیزمی کوردی دەکرێتە دوو بەشەوە بەشێکیان خۆڕسک و سروشتییە وەک ئەوەی لەبەرهەمەکانی بێسارانی و مەولەوی و... دەبینرێن، سەرەتای ئەم ڕۆمانسیزمە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٧ز) کە بێسارانی ڕچەشکێنێتی.

"مێژوونوسە جیهانییەکان دەڵێن سەرقافڵەو گەشەپێدەری ئەدەبی ڕۆمانسی لەفەرەنسادا هۆگۆی بەهرەمەند بوو (١٨٠٢_١٨٨٥).ئەم مێژووە تا ڕادەیەک بەرامبەرە لەگەڵ لەدایکبوون و مردنی مەولەوی دا (١٨٠٦_١٨٨٢)

واتە لەدایکبوونی ئەدەبی ڕۆمانسی لە فەرەنسا و لە کوردستان لە یەک کاتدا لەسەر دەستی هۆگۆ و مەولەویدا هاتەکایەوە، کەواتە مەلەوی داهێنەرو گەشەپێدەری هۆنراوەی ڕۆمانسی کوردییە" (عوسمان، ١٩٨٩: ٩١،٩٢).

پێش مەولەوی ئەدەبی کوردی خاوەنی شاعیر بووە کە بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی ڕێبازی ڕۆمانسیزم بوونە، بێ ئەوەی ڕۆمانسیزمیان ناسیبێت و پێی ئاشنا بووبن لەوانەش بێسارانی، "بێسارانی سەدەو نیوێک بەر لە هۆگۆ تەقەی لە دەرگای ئەم مەسەلەیە داوە، وە یەک سەدەش لە پێشتر بوینەتە دەستپێشخەر" (حەکیم، ١٣٧٥: ٢٠)، "بێسارانی، پێشاهەنگی و دەستپێشخەری و پراکتیزەکردنی تیۆری خۆماڵی ((ڕۆمانتیزم))ە لە ڕەوتی شیعری کلاسیکی کوردیدا" (عادڵ، ٢٠٠٨: ٤٩)، ئەوەی لە دەقەکانی بێسارانیدا بەدیدەکرێت لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بەو تایبەتمەندییە بەرچاو ناکەوێ.

## ڕۆمانسیزمی زەمینە بۆ سازێنراو(دەستکرد):

بەشێکی ڕۆمانسیزمی کوردی دەستکردە و بە چاولێکەری ڕۆژئاواو کاریگەری ئەدەبی تورکی دروستبووە، وەک بەرهەمی شیعری گۆران و هاوڕێکانی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەرەتاکانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوت. ئەدەبی کوردی زیاتر لەژێر کاریگەری ئەدەبی تورکی بیریان لە داهینانی ڕۆمانسیزم کردۆتەوە، ڕۆمانتیک بە ئەدەبی نوێکردنەوە دادەنریت، چونکە هەڵگەرانەوەیەکی یان بەرەنگاربونەوەی ئەدەبی کلاسیکە کە، "ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی سەرهەڵدانەوە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی کوردستانەوە دەرکەوتووە، کاتێک هەوری نائومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە، کۆمەڵگای کوردی لەهەموو بوارەکانی ئابوری و رامیاری و ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتی و ئاینی بەرەو کزبوون و پەککەوتن ڕۆیشت، بارودۆخی کوردستان لە بارێکی زۆر خراپ و نائاسایی دا دەژیا بەشێوەیەک ڕادەی زۆرداری و چەوسانەوە و هەژاری و قاتوقڕی و نەهامەتی و کوێرەوەری هێندە زۆر بوو نەک خەڵکی چاوساغ و هۆشیاری مارانگاز کرد بوو، بەڵکو خەڵکی کوێر (نابینا) شی هەژاندبوو". (ڕزگار، ٢٠٠٨: ١٥_١٦).

"گۆڕانی مێژووی کۆمەڵایەتی وای کردووە کە ڕێبازی ڕۆمانتیک لە ئەوروپا سەرهەڵبدات، بەتایبەتی لە ئەدەبی فەرەنسیدا، پاشان ئەم ڕیبازە بەکاریگەری ئەدەبی فەرەنسی لەسەرەتای سەدەی بیستەم لە ئیمپراتۆیەتی عوسمانیدا پەیدابوو، دواتر کاریگەرییەکە لە ڕێگای شاعیرە تورکەکانەوە گواسترایەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی". (ڕەشید، ١٩٨٩: ٦١)، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لەلایەن شاعیرە بەناوبانگەکانی تورکی سەربەم ڕێبازە ئەدەبییەی وەک: (تۆفیق فیکرەت) و (جەلال ساهیر) و (عبدالحق حامید) و (کمال نامیق).... ڕۆمانسیزم زیاتر تەشەنەی کردووە و شاعیران و نوسرانەی کوردی وەک (شیخ نوری) و (گۆران) و (ڕەشید نەجیب) و (ئەورەحمانی بەگی نفوس) و (پێرەمیرد) و (ڕەفیق حیلمی)... بەو نوسەرو شاعیرانە کاریگەربوون و ڕۆمانسیزمیان گەیاندە ناو ئەدەبی کوردی.

## تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسیزمی کوردی:

ڕۆمانسیزمی (دەستکردی) کوردی خاوەن کۆمەڵێ تایبەتمەندی خۆیەتی ئەوانیش: بەکارهێنانی کێشی پەنجە و وازهێنان لە یەکێتی سەروا، سادەیی و ڕەوانی لە زمانی شیعریدا، بەکارهێنانی وێنەی شیعری تازە، یەکێتی بابەت، گەڕانەوە بۆ سروشت و مامەڵە کردنی نوێیە لەگەڵ ڕەگەزو دیاردەکانی، ئافرەت و جوانی و خۆشەویستی، نیشتمان پەروەری و ئازادی، ئەندێشەو خەون و خەیاڵ، سود وەرگرتن لە کەلەپوری نەتەوەیی، نازناو پێچەوانەی کلاسیک.

زۆرێک لەم تایبەتمەندیانەش لە شیعری چەند شاعیرێکی کۆنی کورددا بەتایبەت شاعیرانی قوتابخانەی ئەدەبی زاری گۆران بەرچاو دەکەون کە بەشێوەیەکی سروشتی و دوور لە کاریگەری ئەدەبیاتی ئەورووپی و تورکی و عەرەبی، ڕۆمانسیزم لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە، یەکێک لەو شاعیرانە (فەقێ قادری هەمەوەندی)یە کە بەڕوونی ڕۆمانسیزم لە بەرهەمەکانیدا بەرچاودەکەون و گرنگی بەم لایەنە داوە.

## بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی بنەماکانی ڕۆمانسیزم لای فەقێ قادر:

فەقێ قادری هەمەوەندی[1] یەکێکە لە شاعیرانی درێژەپێدەری ڕەوتی شیعری زاری گۆران، شاعیر زۆرێک لە پەڕاوی شیعرەکانی بۆ شیعری ئاینی تەرخانکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاوڕی لە زۆرێک لە بابەتە شیعرییەکانی تری وەک: سروشت، خۆشەویستی، نیشتمان پەروەری، بەرەنگاری، ئامۆژگاری، سکاڵا، پیاهەڵدان... داوەتەوە، هەندێک لە بەرهەمەکانی هاوشێوەی بێسارانی و مەولەوی بنەماکانی ڕۆمانسیزم بە شێوەیەکی سروشتی تیایاندا ڕەنگیداوەتەوە، ڕەوتی شیعری زاری گۆران بە گشتی کاریگەری ئەدەبی ڕۆمانسیزمی ئەورووپییان لەسەر نەبووە، بەڵکو بەشێوەیەکی سروشتی ڕۆمانسیزم لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە، ڕۆمانسیزم بوونی فەقێ قادر بەهۆی ئاگادار بوون و کاریگەر بوونی بووە بە ڕەوتی شیعری زاری گۆرانی پێش خۆی کە، زۆرێک لە شاعیرانی ئەو ڕەوتە بنەماکانی ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانیاندا دەبینرێن.

چەند بنەمایەکی ڕۆمانسیزمی کوردی لە شیعری فەقێ قادری هەمەوەندیدا:

### ١. گەڕانەوە بۆ سروشت:

1) شاعیر ناوی (عەبدولقادر ڕەسول جوامێر)ە، سەر بە هۆزی هەمەوەندە، لەبەرەبابی بەگزادەی تیرەی چەلەبییە، ساڵی (١٨٣٠ز) لە ناوچەی بازیان، هەندێکیش پێیان وایە لە گوندی(قودرەتەی) ناوچەی هەمەوەند لە چەچمچەماڵ لەدایک بووە، شاعیر سەرۆک هۆزی هەوەند بووە، لە ساڵی (١٨٧٠ز) لە ژیانی ئاوەرەیدا لە بنغازی لیبیا کۆچی دوایکردووە. (کاروان، ٢٠٢٠: ٥١-٥٢-٥٣-٥٤).

سروشت لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕەوتی ئەدەبی زاری گۆراندا خاوەن پایەیەکی بەرزە، زۆرجار سروشت بووە بە سەرچاوەی ئیلهامی شاعیرانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە، ئەمەش لە زۆرێک لە بەرهەمەکانی شاعیرانی زاری گۆراندا ڕەنگیداوەتەوە، ئاوڕدانەوە لە سروشت، "یەکێکە لە خاسیەتە هەرە گرنگەکانی ڕۆمانسیزم، سروشت لای ڕۆمانسیزمەکان مەڵبەندێکی پیرۆز و بێگەرد بوو کە ئادەمیزاد بە بەختیاری تێیدا دەحەسایەوە دوور لە گیروگرفتی ناو شار، پێشڕەوی ئەم لایەنەش ڕۆسۆ بوو کە داوای دەکرد بگەڕێنیەوە بۆ باوەشی سروشت و دوورکەوتنەوە لە باری ئالۆزی ناو شارستانیەت". (ڕەشید، ١٩٨٩: ١٢). گەڕانەوە بۆ سروشت و تەماشاکردن و چێژوەرگرتن لە دیمەنە سەرنجڕاکێش و هەست بزوێنەکانی، وەک سەوزی بەهارو وەرینی گەڵای پایز و کشانی ئەستێرەو درەوشانەوەی مانگ و ئاوابوون و هەڵاتنی خۆر و جریوەی باڵندە.... لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسیزمی کوردیە، ئەمانەش لە شیعرەکانی فەقێ قادردا دەبینرێن و زۆر بە جوانی هونەرمەندانە وێنەکانی سروشتی کێشاوە و گواستویەتییەوە ناو بەرهەمە شیعرییەکانی. "سروشت لای فەقێ قادر وەک ژینگەو دەوروبەرەکەی هێندە پیرۆزو و پاکە، تێکەڵ بە خۆشەویست و ئازیزەکەی کردووە" (مەحەمەد، ٢٠٠٧: ١٧٣)

شاعیر لە شیعری ئازیز نەوبەهار سەرەتای شیعرەکەی بە وەرزی بەهار دەستپێدەکات و دواتر دەچێتە ناو قوڵای باسی سروشتەوە، ژیانەوەی زەوی بە سەوزبوونی بەهار کە وەک ڕایەخێکی سەوزی ڕاخراو ڕازاوەتەوە، هەڵاتنی خۆر کە زەوی ڕوناک دەکاتەوە، گوڵەکان بەجوانی گەشاونەتەوەو بە شەماڵی بەهار مەوج دەدەن و دەجوڵێنەوە، گیانلەبەران دەکەونە خۆشی و کۆمەڵ دەبەستن، دواتر لەناو ئەم دیمەنانەوە وێنەی باڵندەکانی وەک قومری و عەندەلیب[1] پیشاندەدات کە قومری دەناڵێنێ و عەندەلیب خۆشخوانی دەکات و دەخوێنێت، ئەم دیمەنەش دەچوێنێ بە سۆز و ڕازی عاشقان، شاعیر وەک فۆتۆگرافێکی لێهاتوو و خاوەن سەرنجی ورد دیمەنەکانی سروشتی لە چەندین گۆشەوە کێشاوە و تێکەڵ بە باسی خۆشەویستەکەی کردووە.

ئازیـــــز نەوبـــــەهار، ئـــــازیز نـــــەوبەهار

ئێحیابـــــی نـــە فــــەیز، ئـــــازیز نـــــەوبەهار

مەنقووش بی فرووش زەمین نە سەد تار

نیلـــــی دا سەفــــــحەی چــــــەتر ئـەخزەری

زیوەر کەرد زەمــین شـــەمس خـــــاوەری

گوڵان نـــــەهەوای هاموون وەردەن مەوج

زبرووح نە زینەت زەمین بەستەن فەوج

نـاڵەی قــــومریان، نــــــەغمەی عـــەندەلیب

ســـۆزی عـــــــاشقان بـــــێ ڕاز و شـــەکیب (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٧٧٠).

1) عەندەلیب ئەوباڵندە خۆشخوانەیە کە بەشێک لە شاعیران لە شیعرەکانیاندا ناویانهێناوە.

شاعیر لە سەرنجدان و وێنەکێشانی دیمەنەکانی بەهاردا دەستێکی باڵای هەبووە، سەرەتای بەهار و سەوز بوونی زەوی و پشکتوونی گوڵی زۆر بەلاوە سەرنجڕاکێش بووە و کردوونی بە سەرچاوەی شیعری خۆی، دواتر سەیرکردنی نێچیر و گوێگرتن لە قاسپەی کەو... ئەم دیمەنانە زۆر هەست بزوێن و دڵرفێنن بوونە بۆ شاعیر، باسی ڕازانەوەی ئاسمان دەکات کاتێک لە شەودا کۆمەڵەی مانگ و ئەستێرەکان زۆر درەوشاوە و جوان و سەرنجڕاکێشن وەک بینینی خاڵێکی درەوشاوە وان لە ناو پارچەیەکی ڕەشدا، شاعیر بینینی ئەو دیمەنەی بە خۆشی و شادی بۆ دڵ و ئارامکردنەوەی دەروونی وەسفکردووە و چێژێکی تایبەتی لێوەرگرتووە، هەر ئەمەش بووە بە هاندەر و پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەوەی ئەم وێنە جوانەی سروشتی لەبیرو مێشکیدا بمێنێتەوە و بیکات بە وشەی جوان و ڕازاوەی ناو دێرە شیعرەکانی و لەم نێوەندەشدا ئاماژە سۆفیگەرییەکانیش دەردەکەون:

ئـــــازیز! سەیرانـــــگای بەهـــــاران وەشـــەن

ســـــەرەڕای گـــــوزار نـــــــازاران وەشـــــەن

ئیبتیدای ڕەبیـــــع جـــــە سەحـــــرای خـەزرا

تەفـــــەروج سەحـــــن گـــــوڵزاران وەشـــــەن

نە گـــــۆشەی چــــــەشمە نــەخچیر نە کەباب

گۆش نە سەداری کەبک کۆساران وەشەن

مــــەهتاب ڕەبیع مـــــەحفەل ئــــارای شــــەو

پـــــەی تەفـــــــریح دڵ ئەفـــــگاران وەشەن

نە پــــــای کـــــاواندا هــۆش نە هەوای مەی

دەنگ ســـاز نەگـــــــۆش مەیخۆران وەشەن (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٧٧٢).

لە هۆکارەکانی گرنگیدا بە سروشت بوونی بیری سۆفیگەرییە لای شاعیرانی ڕەوتی شیعری زاری گۆران، چونکە یەکێک لە پایەکانی سۆفیگەری (وحدت الوجوده) واتا یەکێتی بوون، ئەویش خودا و سروشتە پێکەوە ئاوێتە ئەبن و ئەنجامگیرییەک لە نێوانیاندا دێتەکایەوە، ئەگەر سەرنجی دێری کۆتای بدەین ئەوا هەست بەو گرنگییەی نێوان سروشت و سۆفیگەری دەکەین، فەقێ قادر یەکێک بووە لە سۆفییەکان و ئەمەش وایکردوە نازناوی (دەروێش) بۆخۆی پەسەند بکات گەڕانەوە بۆ سروشت و چێژوەرگرتن لە دیمەنەکانی و پیشاندانی ئەو وێنە جوان و هەست بزوێنانە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕۆمانسیزمی کوردی، کە فەقێ قادر لە شیعرەکانیدا ئاوڕی لێداونەتەوە.

**٢. خۆشەویستی و جوانی ئافرەت:**

ڕۆمانسیزمەکان باس لە جوانی ئافرەت دەکەن و بە شێوەیەکی جوان دەڕواننە ئافرەت، گرنگی بە خۆشەویستی پاک و بێگەرد دەدەن، فەقێ قادر وەک هەر مرۆڤێکی ئاسای ڕازی عیشق و خۆشەویستی ئافرەتی چووە بە دڵداو تووشی دڵداری و خۆشەویستی بووە، شاعیر لە باسی خۆشەویستەکەیەوە دێتە ناو دنیای جوانییەکانی ئافرەت و بە قەدو باڵاو ئەندامەکانی لەشی یارەکەی وەسفی جوانی ئافرەت دەکات، ئەندامەکانی لەشی یارەکەی بە کۆمەڵێ شتی بەنرخ دەچووێنی و وەسفێکی جوانیان دەکات، ئەمەش ئەو وێنەیەیە کە ڕۆمانسیزمەکان گرنگیان پێداوە، ڕاستە کەرەستەکانی وەسفکردن لای شاعیر زۆریان کلاسیکن، بەڵام مەبەست لەهێنانەوەو پیشاندانی وەسفی ئافرەتە، شاعیر کەرەستەکلاسیکییەکانی بە ڕوحێکی ڕۆمانسیانە بەکارهێناوە.

شاعیر لوولی پرچی ڕەشی یارەکەی کە جوان و ڕازاوەیە و بە هەر لایەکی شان و ملیدا بڵاوبۆتەوە بە جوان و ڕازاوە وەسف دەکات، ڕووی یاری هێندە لا جوان بووە بە شێوەی جوانی مانگ و بەهێزی تیشکی ڕوناکی ڕووی یاری بە لاواز بوونی تیشکی خۆر لە ئاستیدا وەسفرکردووە، برۆی ڕەشی بە کەوانی پاشای ڕاوچیان و برژانگی بە تیر دەچووێنێ، چاوی گەش و مەستی وەک شەهلا، دەم و چەناگەی یاری بە خونچەی گوڵ و دەنوکی بولبول چواندووە، بەرزی و نەرمی سینگی یارەکەی وەک شوشەی مەی ڕوون و سافە.... فەقێ قادر بە شێوازێکی هونەری جوان وێنەی ئەندامەکانی لەشی یارەکەی کێشاوە و بە کۆمەڵێ شتی ناسک و جوانی چواندووە، ئەم بابەتە لە چەند پارچە شیعرێکی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، شاعیر بە وردی چۆتە ناو ڕۆمانسیەت و بابەتی خۆشەویستییەوە.

موشکین کـــڵاف دا، مـــوشکین کڵاف دا

شیـــرین ئـــارایش موشـــکین کـــڵاف دا

گێسوو جـاری کەرد وە هەر ئەتراف دا

شکەست وە شەوکەت شای تەلغراف دا

پێشانیش شێـــوەی قەمـــەر نە قـاف دا

چەنی شەوق شەمس هـا نە مەساف دا

قەترانی قەوسەین پە جـەنگ تـــەناف دا

موژەی شێـوەی تیـــر میر ســـەییاف دا

شـــەهلایی دیـــدەش حـــەدد ئیسراف دا

مـــــەستی، بیماریش بـــە دڵ کـــەفاف دا

غونچەی فەم دەنووک بوڵبوڵ شکاف دا

زنـــج تـــەرغیب سونع شای لایەخاف دا

گـــەردن شیشەی مەی ئاوێزەی تاف دا

زەنـــەخ زەمـــزەم وار شێفای عەواف دا

جە سەدرش قوببەی بولوور شەفاف دا

نەرمیش جـــە بلوور ســاف ئێختێلاف دا (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٧٧٤).

جوانی ئافرەت و خۆشەویستی لەچەندین پارچە شیعریی تری فەقێ قادردا باسکراوە لەوانەش (شیرین ئازاد کەر، نە ئافاق فاق کەرد، لەیلێ کەتوون، سەبزەی ئەسمەری...)، جوانی ئافرەت و خۆشەویستی یەکێکە لەو بابەت گرنگ و پڕ بایەخانەی کە هەندێک لە شاعیرانی ڕەوتی شیعری زاری گۆران لە شیعرەکانیاندا برەویان پێداوە و بە گرنگییەوە لێیان ڕوانیوە و کردویانە بە بەشێک لە چامە شیعرییەکانیان.

**٣. گلەیی و گازندە لە ڕۆژگار و گۆشەگیری (ڕەشبینی):**

"خەمباری و نائومێدی و گلەیی لە ڕۆژگار پانتاییەکی فراوانی لە شیعری هەورامی دا داگیر کردووە، بە دەگمەن و ڕێکەوت شیعرێ ئەکرێ کەمێ هیوا و تۆزێ گەشبینی تێدا بخوێنرێتەوە" (نەوشیروان، ٢٠١٢: ٢٦٩). ئەمەش بابەتێکی گرنگە لە دنیای شیعری ڕۆمانسیزمی کوردیدا ،کە زۆر بەچاوێکی ڕەشبینانەوە و نائومێدییەوە لە ژیانیان دەڕوانی، تیایدا پەسەندی گۆشەگیری و خۆ دورخستەوە لە خەڵکیان دەکرد.

گلەی و گازندە و ڕەشبینی و گۆشەگیری لە شیعری فەقێ قادردا بە ڕوونی هەستی پێدکرێت بە جۆرێک شاعیر ڕۆژگار و دنیای بە فێڵبازو فریودەری مرۆڤ وێنا کردووە، بۆ ئارامبونەوە و ڕزگار بوون لە ناخۆشییەکانی ژیانی دونیا و چوونە ناو دنیایەکی تر شاعیر گۆشەگیری و دورکەوتنە پەسەند دەکات پێی وایە دەبێتە هۆی خۆشحاڵی مرۆڤەکان، ئەمەش یەکێک بوو لە تایبەتمەندی ڕۆمانسیزمەکان کە پێیان وایە دەبێت لەو دنیا ئالۆزو جەنجاڵە دورکەوینەوە و ڕوو بکەنە گۆشەگیری و پەنابردن بۆ خەیاڵ.

ئـــافەرین دونـــیا چەنـــــی کـــردارت

چەنـــــی زەمزەمـــــەی بـــــەزم بـــازارت

تف نە چارەت بۆ کـــــۆهنەی حیلە باز

مەککارەی موحیل، عەجووزی مەجاز

گۆشە گیری کەر پەی وێت بەڕاحەت

نـــە ڕەنج دونیـــا و دین کەر فەراغەت (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٢٠٦_٢٠٧).

شاعیر لەناو سۆفیگەرییەوە نوقم بە حاڵ و خەیاڵات دەبێت و چەمکی زاهیر و باتین کە پەیوەستن بە باوەڕی مرۆڤەوە و لە دنیابینی سۆفییەکانەوە گرنگی زۆری پێدەدرێت تێکەڵ بەم بابەتەدەکات. ڕەشبینی فەقێ قادر بەرامبەر دنیا بە جۆرێک بووە کە پێی وابووە ئەوە دنیایە زوڵم لە مرۆڤەکان دەکات، وەک ئەوەی دەوترێت "دنیا

زاڵمە" یان "دنیا بێوەفایە" شاعیر دنیا بە بێوەفا لە بەرامبەر مرۆڤەکان وێنا دەکات، ئەم هۆکارانەش پێویستیان بەوەیە بەرەو دنیای خەیاڵ بڕۆیت، چونکە ڕووکەشی دنیا شتێکە و نهێنییەکانی شتێکی ترن ئەویش وەک ئەوەی خەڵک دنیا بە بەهار و خۆشی ببینی بەڵام ڕاستییەکەی گڕەوگەرمای هاوینە، بۆ دەرباز بوون و ئارامبوونە لەم بارە ناهەموارو ناخۆشە پێویستە پەنا بەرینە بەر خەیاڵ، کە ئەمەش هەمان ئەو بارودۆخەیە کە سۆفی خۆی تێدا ئەبینێتەوە، لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە شاعیر چەند ڕەشبین بووە بەرامبەر ڕۆژگار و ژیان و هەوڵی داوە لەرێگای گۆشەگیر و دورکەوتنەوە لە خەڵک و پەنا بردنە بەر خەیاڵ بچێتە دنیایەکی تر کە دڵ و دەروونی تێیدا ئارامە.

((دەروێش[1]))! تۆ نە زوڵم دنیا بکەر داد

نەبــێ وەفــــایش وەپـــا کەرد فەریاد

تەحقیقەن جـــە تۆ کەردەی ئەحواڵش

پەی چێش غەریقی تــۆ نە خــەیاڵش؟

زاهێـــــرش بەهــــار، بەتنش تـــابستان

لـــــوتفش پــــایز و قـــەهرش زمستان (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٥٩٦).

**٤. بەکارهینانی زمانی سادە:**

زمان لە شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی نوێیە و پرە لە جوانی و زۆر لە زمانی خەڵک نزیکە هەر لەبەر ئەوەشەکە زۆر کار لەدڵ و دەروونی مرۆڤ دەکات و توشی هەڵچونی دەکات، لە نەریتی شیعری زاری گۆراندا زمانی دەربڕین بە شێوەیەکی سادەو ئاساییە، "زمانی شیعری لە ئەدەبی گۆرانیدا ئاسایی و ساکارە و لە کەمتر شوێنێکدا وشەکاری کلاسیستی تیایدا بەدی دەکرێت، کە ئەمەش بۆخۆی تایبەتمەندیی سەرەکیی شیعری ڕۆمانتیکە" (بەختیار، ١٣٩٥: ١٣٦)، وۆردزوۆرس پێی وایە، دەبێت زمانی شیعری هەمان ئەو زمانەبێت کە خەڵکی لادێکان قسەی پێدەکەن، واتە زمانەکە سادەو ساکارو و زمانی قسەکردنی خەڵکی ئاسای بێت نەک چینی باڵا.

ئەم تایبەتمەندیانە لە زمانی شیعری فەقێ قادری هەمەوەندیدا دەبینرێت ئەویش بەکارهێنانی زاری گۆران و گونجێنراو بە کرمانجی ناوەڕاستە، کە سادەو ئاسانە و هەموو کەس لێی تێدەگات و نوسینەکانی فەقێ قادر بۆ

1) شاعیر خۆی بە دەروێشی کاک ئەحمەدی شێخ زانیووە، هەر بۆیە لە بەشێک لە شیعرەکانی نازناوی (دەورێش)ی بۆخۆی هەڵبژاردووە.
بەڵگەی شیعری:
کاک ئەحمەدی شێخ ئەو قوتب جەهان
تــەبلیغش کـــەردەن بە موعــــتەقێدان (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٦٨).

خەڵکییە بە گشتی نەک بۆ کۆمەڵێکی دەستەبژێری کۆمەڵگا، وشەو دەستەواژەو ڕستەکانی شاعیر کورت و پەتی و پوخت و ڕەسەنن.

ئەگەر سەرنجێکی وردی ئەم پارچە شیعرییەی خوارەوە بدەیین دەبینین فەقێ قادر بە زمانێکی باو و سادەو ساکاری قسەکردنی خەڵکی ئاسایی بناغەی شیعرەکەی داڕشتووە و وشەگەڵێکی وای بەکارهێناوە کە نەک هەر کەسانی زار گۆران بەڵکو زۆرێک لە خاوەن زارەکانی تریش بە ئاسانی لێیتێبگەن، شاعیر وشەکانی (پەروەردگار، شەرمەسار، عاقڵ، کەس، شاکیر، نەفس، هەردەم، غەفڵەت، شاد، جەننەت، کەس، دونیا.....) بەکارهێناوە و لە چوارچێوەیەکی سادەو ساکاردا شیعرەکانی داڕشتووە، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی خەڵکی بە ئاسانی لە مەبەستی شیعرییەکانی تێبگەن.

بکـــــەر ئیتاعەت بـــــە پەروەردگـــــار

تا نە ئـــاخیرەت نەبی شـــــەرمە شار

عاقڵ ئەو کەسەن هەردەم شاکیر بۆ

هەم بە نەفس وێش هەردەم قادر بۆ

جە بەدی پەرهێز، مـــەنیشە غەفڵەت

تا بنیشی شـــــاد جە قەسر جەننەت

ئەبڵە ئـــەو کـــەسەن جە دار دونیا

دایــــــم دەوانەن جـــە نەفس و هەوا (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٥٦٩).

لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا شاعیر وشەکانی (یار، پرس، کتاب، عەزاب، حوجرە، دڵ، مەیل، گوشاد، قەید، ئازاد، ئیمرووز، حەق، نەزدیک، یەزدان، شاد، موڵک، بازیان، چەمچەماڵ....) سەرجەمی ئەو وشانەی شاعیر بۆ بنایاتی شیعرەکەی پەسەندی کردون هەمان ئەو وشانە بووە کە شاعیر و بەشێک لە هۆزەکانی ناوچە کوردییەکان پێی دوواون، بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانەیان بەکاریانهێناوە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە فەقێ قادر زمانی قسەکردنی خەڵکی بەکارهێناوە و نوسینەکانیشی بۆ خەڵکی بووە بە گشتی نەک بۆ چینێکی باڵا کە لە شاعیرانی کلاسیکدا دەبینرێت.

یـــــــــاران ئەر پرســـــــــان وازێـــــع کێــتاب

عەبـــــــدولقادرەن جـــــــە قـــەید عـــــــــەزاب

حوجرەی دڵ بەمەیل حەق کەردەن گوشاد

ئینشەڵڵا جـــــە قـــەیـــــد زوو مــــــەبۆ ئازاد

خسووسسەن ئیمڕووز قەلـــبم گـــوشادەن

مەتـــــڵەبم جە حـــــەق حـــەسبولموورادەن

نەزدیـــــــــکەن جە نۆ بە بـــــــاری یـەزدان

بنیشوون بە شـــــاد جــــــە مــوڵک بازیان

مــــــــەبۆ بە مەســــکەن تەخت چەمچەماڵ

مەکـــــــــــروون وە پـــــا خــــەیمەی سیاماڵ (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٢٤١).

**٥. یەکێتی بابەت:**

یەکێتی بابەت یەکێکە لە نەریتەکانی ڕەوتی شیعری زاری گۆران، "گرنگیدان بە ناوەڕۆک وماناو بابەتی بەرباس لە شیعری زاری گۆراندا وای کردووەکە سەرجەم شیعرەکان خاوەن یەکێتییەکی ئەندامواری بێ، لە بەشێکی زۆری شیعری گۆرانیدا بابەتی شیعرەکە بەسەر سەرجەم دەقەکەدا بڵاوکراوەتەوە" (بەختیار، ١٣٩٥: ١٤٠). لە سەرجەم شیعرەکانی فەقێ قادردا ئەم بابەتە ڕەنگی داوەتەوە بە شێوەیەک شاعیر لە شیعرەکانیدا لە بابەتێکەوە ناپەڕێتە سەر بابەتێکی تر تا مەبەستەکە بەتەواوی نەگەیەنێت بە خوێنەرو گوێگر، واتە شیعرەکە باس لە بابەتێک دەکات و مانایەکی گەورە هەیە سەرجەم دێڕەکانی دواتر بەشێک دەبن لە تەواکردنی مانا گەورەکە، ئەمەش دەکرێت وەک پەیوەندی بەش بە گشتەوە وێنا بکرێت.

شاعیر لەم بابەتە شیعرییەدا ئامۆژگاری و سەرزەنشتی خۆی دەکات بەوەی کە بە تواناو هێزی خۆت مەنازە و بەس بەدوای ماڵی دونیاوە بە، لە پەنجاکانی تەمەنت دایت و جگە لە توشبوون بە تاوانی زۆر هیچی کەت لە ڕۆژگاری دنیای کاتیدا بەدەستنەهێنا، بۆ ماڵومنداڵ هێندە ئازارو سزای خۆت مەدە و پاروی نادروسیان دەرخوارد مەدە، چونکە توشی هەر گرفتاری و دەردو ناخۆشییەک بیت مناڵ و خێزانت لێت بێزار ئەبن و پشتگوێت ئەخەن، هەر ئەوانیش لە ڕۆژی دوایدا سەرزەنشت و شکاتت لێدەکەن... وەک دەبینین سەرجەمی دێڕە شیعرییەکان لە خزمەتی مانای سەرەکی شیعرەکەدان کە مەبەست لێی ئامۆژگاری و بەخۆداچوونەوەیە بۆ خودی شاعیر خۆی، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسیزمی کوردی کە دەستپێکی دەق و ناوەڕاست و کۆتایی دەق پێکەوە گرێدراون، بۆیە سەرەتا و کۆتاییەکی (دڵگیری) هەیە..

((فەقێ))! پەندی شێر مەکەر فەرامۆش

وەســـفولـــحالەتەن، بــــگێرە نـــەگـۆش

مـــەنــــــازە بـــــە زۆر قـــــووەت بـازوو

هـــــەنی پــــەی جیفــە مەکـەر ئـارەزوو

عومـــــر عــــــەزیزت یــــــاوا بە پــــــەنجا

تەلەف بـــی نەکـــار ئـــوموور دوونیـــا
غەر جە شکوای حاڵ گونای بێشـــومار
حـــــاسڵت نـــــەبی نـــە ڕووی ڕۆژگـــار
پـــــەی ئـــەهل و عــەیاڵ مەکێشە ستەم
هەنـــــی نەفـــەقەی حـــەرام مەدەر جەم
جـــــە دەرد دونیـــــا ئـــەر بیت گرفـتار
ئـــەهل و عەیاڵـــت جــێت مـــەبۆن بێزار
بـــــــاوەڕ بە خـــــاتر فـــەردای قـیامەت
عەیـــــاڵت جـــە تۆ مـــــەکەن شکــــایەت (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٢٢٨).

فەقێ قادر لە دەقێکی شیعریدا سەرزەنشتی خۆی دەکات بەوەی باسی زۆر شتی کردووە سرەی ئەوەیە ئاوڕێک لە پیربوونی خۆی بداتداتەوە و دەڵێت: ژیان وا پیریم پیشان دەدات، کاتێ زانیم بەدەنم ماندوو بووە، بەهۆی فریودانی زەمانەوە بێئاگا بووم و ڕیشم سپی بووە، بە تیکەو خواردنی ناخۆش دانەکانم هەڵوەرین، بیستن و بینینم لاواز بوون، هێز و توانای هەزم کردنی مەعیدە، گەنجێتی و حەزی سێکسی، سەرجەمیان نەماوون، ئێستا هەژارم بەو هۆکارانە، ئەگەر سەرنج بدەینە شاعیر وشەکانی وەک: (پیری، ڕیشی سپی، کەوتنی دان، بێ هێزی، لاوازی گوێ و بینین، نەمانی توانای هەزمکردنی خۆراک و سێکس...) بەکارهێناوە کە سەرجەم وشەکان مانای پیری پیشاندەدەن، دێرە شیعرەکان لە خزمەتی مانا گەورەکەدان کە پیرییە.

های ((دەروێش))! کەردی خەیلێ حێکایەت
لادێ جـــــە پیـــــــــری بـــــکەر شکـــــایەت
پیری وێش کــــەم کەم بە مـــــن دا نیشان
بە تەفرەی ئەمـــــەل ئوخرام کەرد نێسیان
هـــــا وەقتێ زانـــــام ســـــەوار بی نەدۆش
عەیـــــش شـــــەبابیم کـــــــەردم فەرامۆش
نـــــە دائیرەی چـــــــــەرخ تەفـرەی هەوایی
سفید کەرد ســـــــککەی موشـــــک خەتایی

بە گــــــاز مێحنەت قـــــــووەی زۆرداری

بێ بــــەها بەردش ســی و دوو مرواری

وێنەی بەختەنەسر بێ ســـــووچ و گــونا

گۆشــــــم ئەترەش کــــــەرد، بینام نــابینا

هـــــەزم مــــــــەعێدە، سەرمایەی قووەت

هـــــەوای شەبابی و خـەزانەی شەهوەت

بە قـــــــــــووەی جەبـــری بەردش بەتاراج

ئێستا بە هەر چوار مـــــەندەنان مـــوحتاج (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٦٠٤).

**٦. کێشی خۆماڵی:**

کێشی شیعرەکانی فەقێ قادر هەمووی خۆماڵین واتا کێشی بڕگەیین، کە ئەمەش نەریتێکی باو بووە لای شاعیرانی ڕەوتی شیعری زاری گۆران، شاعیر بە شێوەیەکی گشتی لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا کێشی دە بڕگەیی (پەنجەیی) خۆماڵی بەکارهێناوە "کە کێشێکە تایبەتە بە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی" (ئەنوەر، ٢٠١٨: ١٦٥). گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی (پەنجەیی) و پشتکردن لە کێشی عەروزی کە شیعری کلاسیکی کوردی پێ نوسراوە، یەکێک بووە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسیزمی کوردی کە دواتر گۆران و هاوڕێکانی، پێشتریش پیرەمێردی شاعیر ئەم جۆرە کێشەی لە شیعرەکانیان بەکارهێناوە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سرودە ئاینییەکانی یارسان و گاتاکانی زەردەشت، کە بە کێشی بڕگەیی نوسراون.

فەقێ قادر بۆ زۆرێک لە شیعرەکانی کێشی بڕگەیی (پەنجەیی) خۆماڵی بەکارهێناوە کە ئەمەش نەریتێکی باوی ناو ڕەوتی شیعری زاری گۆران بووە کە، زۆرینەیان کێشی خۆماڵیان پەسەند کردووە، شیعرەکانی فەقێ قادر بە جۆرێکە کە، وەستانیان لە ناوە ڕاستەوەیە و کێشی دە بڕگەی بۆ زۆرێک لە دێڕە شیعرەکانی بەکارهێناوە، بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی (خۆماڵی) نەریتێکی باوی ناو شاعیرانی ڕۆمانسیزمی کوردییە، بە شێوەیەکی گشتی ڕۆمانسیزمی سروشتی و ڕۆمانسیزمی دەستکرد پەیڕەوییان لێکردووە، چونکە پێیان وابووە کێشی خۆماڵی شاعیر کۆت و بەند ناکات بە هەمان شێوەی کێشی عەروزی کلاسیک کە شاعیر پێویستە چەندین جار گۆڕانکاری لە وشەکان بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەحرەکانی کێشی عەرزووی بگونجێت.

فـــــەقێ تۆ عومــــــرت بە شەست نزدیکەن

هێمان ڕای حەقیــــق وەنــــەت تـــــاریکەن

ها ئەعزات یەک یەک ڕوو کەرد بە سستی

هـــــەنــــــــــی کـــــافییەن دونـــــیا پەرســـــتی

ســـەرف بی عومـــرت نه مەعرەكەی جەور

جەی بەند زەنجیر، جەی مـــەلزەمەی دەور   (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٣٠٤_٣٠٥).

فه_قێ_تـــۆ_عـــوم_رت     به_شەست_نز_دی_كەن     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ن)   (١٠ بڕگە)

هێ_مان_ڕای_حـــه_قیق     وه_نەت_تـــا_ری_كـــەن     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ن)   (١٠ بڕگە)

ها_ئەع_زات_یەک_یەک     ڕوو_كەرد_به_سس_تی     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ی)   (١٠ بڕگە)

هه_نی_كـــا_فـــی_یەن     دون_یـــا_پـــه_رس_تی     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ی)   (١٠ بڕگە)

سه_رف_بـــی_عوم_رت     نه_مەع_ره_كەی_جەور     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ر)   (١٠ بڕگە)

جەی_بەن_د_زەن_جیر     جـه_مەز_له_مەی_دەور     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ر)   (١٠ بڕگە)

ئەمما من جەكـــار قـــەدەر حـــەیرانم

پەی چێش مـــن دایـــم خـــانه وێرانم!

گا واچوون ئەفكار ئابام كەرد غائێب

پۆسه بیم دووچار دەردو مـــەسائیب

گاهێ مەواچوون زەمرەی ســـولەحا

گشت بین به عێللەی عەدوو موبتەلا   (فەقێ قادر، ٢٠٢١: ٢٢٢).

ئەم_ما_مـــن_جـــه_كار     قـــه_دەر_حـــەی_را_نم     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (م)   (١٠ بڕگە)

پەی_چێش_مـــن_دا_یم     خـــا_نـــه_وێ_را_نـــم     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (م)   (١٠ بڕگە)

گا_وا_چوون_ئەف_كار     ئا_بام_كەرد_غـــا_ئێب     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ب)   (١٠ بڕگە)

پۆ_ســـه_بیم_دوو_چار     دەر_دو_مه_ســـا_ئیب     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ب)   (١٠ بڕگە)

گا_هـێ_مـــه_وا_چوون     زەم_رەی_سو_له_حا     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ا)   (١٠ بڕگە)

گشت_بین_به_عێل_لەی     عـــه_دوو_موب_ته_لا     ٥_ _ _ _ _ _     ٥_ _ _ _ _ _ (ا)   (١٠ بڕگە)

پەیڕەوكردنی بنەماكانی ڕۆمانسیزم له شیعرەكان فەقێ قادردا به گاریگەری ڕەوتی ئەدەبی زاری گۆران بووە، كه چەندین شاعیری ناوداری ئەم ڕەوته ئەدەبییه ڕۆمانسیزمیان له شیعرەكانیدا به شێوەیەكی سروشتی و دور له كاریگەر بوون به ڕێباز و كۆمەڵه ئەدەبییەكانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا پەیڕەو كردووە، فەقێ قادریش كەوتۆته بەر ئەو كاریگەرییه گەورەیەی ئەم ڕەوته ئەدەبییه، كه مێژوویەكی پرشنگدارو دوورودرێژی له ئەدەبیاتی كوردیدا هەیه.

## ئەنجام:

١. سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا پێش وادەی خۆی ئەکەوێت و بەراورد بە ڕۆمانسیزمی دەستکرد، چونکە ڕۆمانسیزم بە شێوەی سروشتی و بێ کاریگەری ڕۆژئاوا لە سەدەی (١٧ز) لە بێسارانی دا چەکەرە دەکات و دواتر لە مەولەویدا دەگاتە لوتکە و بەردەوام دەبێت.

٢. سروشت، کە بنەمایەکی بەرچاوی ڕۆمانسیزمی کوردییە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەبەرهەمەکانی فەقێ قادردا ڕەنگیداوەتەوە.

٣. ڕەشبینی و گۆشەگیری و پەنابردنە بەر خەیاڵ یەکێک بووە لە بنەما شیعرییەکانی ڕەوتی شیعری گۆران، فەقێ قادریش وەک درێژە پێدەری ئەو ڕەوتە پەنای بۆ گۆشەگیر و خەیاڵ بردووە و ڕەشبین بووە، کە لایەنێکی ڕۆمانسیزمی کوردییە.

٤. لە ڕووی ڕوخساری شیعرییەوە فەقێ قادر بنەماکانی شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی پەیڕەو کردووە ئەویش بە پەنا بردنە بەر کێشی خۆماڵی و سادە و ساکاری زمان و یەکێتی بابەت کە، تایبەتمەندی ڕوخساری شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی لەماندا ڕەنگیداوەتەوە.

٥. ڕەوتی ئەدەبی زاری گۆران، بە شێوەیەکی گشتی هەندێک لە بنەماکانی ڕۆمانسیزم لە بەرهەمەکانیندا ڕەنگیداوەتەوە.

**ليستی سەرچاوەکان:**

**کتێب بەزمانی کوردی:**


١. ئەحمەد، سالار. (١٩٨٥)، **ڕێبازە سەرەکیەکانی ئەدەب و هونەر**، چاپخانەی دار الحرية، بەغدا.

٢. ئەنوەر، قادر محەمەد. (٢٠١٨)، **لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی.** چاپی چوارەم، ناوەندی بڵاوکراوەی ئەندێشە، سلێمانی.

٣. حەکیم، مەلا ساڵح. (١٣٧٥)، **دیوانی بێسارانی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی میهن، سنندج.

٤. ڕزگار، عومەر. (٢٠٠٨)، **ڕۆمانسیزم لە شیعری (هێمن و محمد نوری) دا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٥. ڕەشید، خورشید. (١٩٨٩)، **ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا**،، چاپخانەی جاحض، بەغداد.

٦. عبدالقادر، حمە. (٢٠٠٢)، **وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٧. عوسمان، ڕەئوف. (١٩٨٩)، **میهرەجانی مەولەوی (شاعیرێتی مەولەوی)**،، چاپخانەی الزمان، بەغدا.

٨. فەرهاد، پیرباڵ. (٢٠٠٤)، **ڕێبازە ئەدەبییەکان**، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٩. کاروان، عوسمان خەیات. (٢٠٢١)، **دیوانی فەقێ قادری هەمەوەندی**، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

١٠. کاکەی، فەلاح. (١٩٨٤)، **دیوانی ناری**، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.

١١. کامل، محمود. (١٩٩٨)، **عەروزی ڕۆشنبیری ڕیبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا** ، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

١٢. مەحەمەد، ئەحمەد سەعید. (٢٠٠٨)، **کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی** ، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٣. نەوشیروان، مستەفا ئەمین. (٢٠١٢)، **بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین**، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، الدار العربية للعلوم - ناشرون، بیروت.

١٤. هیمداد، حوسێن، (٢٠٠٧)، **ڕێبازە ئەدەبییەکان**، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.


**گۆڤار:**


١٥. بەختیار، سەجادی. (١٣٩٥)، **شێوازناسی وێژەی گۆرانی**، پروهشنامەی ادبیات کردی ، سال دوم، شماره (٢).

١٦. عادڵ، محەمەد پوور. (٢٠٠٨)، **مانیفێستی هونەری لیریکای گەورەی بێسارانی**، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (١٣).


**کتێب بە زمانی عەرەبی:**


١٧. سالم، احمد. (١٩٨٩)، **مزاهب الآدبی الغربی و مضاهر فی الآدب العربی الحديث**، مطبعة العليم العالی فی موصل.

# principles of romanticism in Faqe Qadir Hamawandi's Poems

**Diar Mardan Mhamad**

College of Education, Universitym of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

**Ashti Hussein Arif**

College of Education, Universitym of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The research briefly discusses the emergence of romanticism in Kurdish literature and their characteristics, and then focuses on the principles of romanticism in poetry. Faqe Qadir Hamawandi, a romanticist in Kurdish literature, has an ancient history, before romanticism effectively influenced the literature of neighboring nations such as Turks and Arabs... To reach Kurdish literature, many Kurdish poets of the classical stage see the principles of romanticism in their works, Kurdish romanticism was initially nature and ineffective in the course of European romanticism, Faqe Qadir Hamawandi, the contemporary of the poet Mawlawi, has reflected some of the subjects of romanticism in his poems, which have been looked at in this research and some of Faqe Qadir's poetry productions have been put under the light of investigation..

**Key words:** Romanticism, Poetry, Nature, Local, Language.